# چەند تابلۆیەكی شێواو

**هۆشیاری عەبدولعەزیز**
hoshyarebdelaziz@yahoo.com



### تابلۆ

جەستەی بە سەرچەفێكی بێ گیان و ناوازە دەهاتە بەر چاو. بە لۆژە لۆژ خۆی گەیاندە بەردەم تابلۆ هەڵواسراوەكەی كەنار دەرگاكە و كەوتە تێڕامانی. تابلۆیەكی لەبەفر رەنگكراو. ڕەنگێك لەدوور ڕا سوورباوولەنزیكیشەوە جەستەیەكی نیوە رووت وهاوكات پارچە پارچە، لێوەكانی لەسەرووی چاوێەوەو ئەبرۆشی لە خوار گەردنی. گۆی مەمكەكانیشی لە پاڵ جەستەیدا و تاڵ تاڵی پرچیشی چەند بستێك لەو لاتر كەوتبوون. بەولاشدا ئێسك وپروسكی پیرە پیاوێكی ریش سپی پێشاندەدا كە بەسەر رەشكەیەكی هەڵوەریودا راكشاوە ولە ئاسمان دەڕوانێ. هێندە تێكەڵی ڕەنگ وڕووخساری تابلۆكە ببوو خۆشی بە بنیادەمێكی تابلۆی دەهاتە بەر چاو كە ژان هەڵپێچابێت ولە كەناری ئەم تا بلۆیەنگەری گردبێ..

### تاوان

پاش دوور كەوتنەوەی لەرووداوە شەرم هێنەرەكەی شەوی پێشوو. جەستەی لە خوێن هەڵژەنراوی لە جانەوەرێكی درندە وقەیزەوەن دەچوو، بەسەر چەرپایەكەدا راكشا بەڵام خۆی پێ رانەگیرا وشێتانە هەڵسایەوە. ژوورەكەی لێ بووە گۆڕستان وكەلوپەلەكانیش كەلەسەر وئێسك وپرووسكی دەرهێنراو، دۆلابەكەش لە ئێسكە پەیكەری بەژنێكی داچەقیوو دەچوو. چاوەكانی توند گرت و ویستی بۆ كەمێك هێوەر بێتەوە كە وەرچەرخاو تەماشایەكی ئاوێنە ژەنگ گرتووەكەی كرد پەیكەرە داهۆڵێكی سووری لە خۆێن هەڵژەنراو كەوتە بەرامبەری و دایە قاقای پێكەنین پێكەنین وخەنینێك كە هەرگیز نەبیسترابوو، دیسانەوەبە پەنچەو دەستی توند كەللەسەر و نێوچاوانی خۆی گرت وهاواری كرد. ناوانبارم.. من كوشتم.. نەیان كوشت.. م..ن ..ك..و..ش..ت..م.....

### ترس

پاش دابڕانێكی مەخسەرەئامێز بۆ دواجار گەڕایەوە نێو خانوو وحەوشە كۆنەكەیان وبە ئەسپای دەرگای یەكێك لە ژوورەكانی ترازاندوو خۆی خزاندێ. بێ مەبەست بە دەستێكی لەرزۆكی پەردەی لەسەر لاشە سپی هەڵگەڕوەكە هەڵماڵی. تەزوویەكی سارد وترسناك جەستەی داگرت، سیخچەی كرد وزمانی نووسا، خوێن دازایە چاوەكانی وحەپەسا. پاش كەمێك بێدەنگی لاشە سپێكەی تێپەڕاندوو چووە بنەوەی ژوورەكە كەمێك هێوەر بویەوە وهاتەوە سەر خۆی وسەیرێكی دەست وپەنچەكانی خۆی كرد، بەگومانەوە تیانی دەڕوانی و نەیدەزانی چی بكات وچۆن پاك بوونەوەیان بەسەلمێنێ . ئەژنۆكانی هێزیان لەبەر بڕاو وكەوتنە لەرزین خۆی پێڕانەگیراوكەوت. بەلای سەرەوە را چاوی هەڵهێناو بۆ خۆشی نەیدەزانی چییە و لەچی دەگەڕێ ئەوە نەبێ سێبەری بن میچەكانی ژوورەكەی

لێببوونە سێبەری خۆڵی کۆنە قەبرێکی هەڵدراوە وپەردەی سەر پەنجەرەکەشی بە پارچە قوماشێکی سپی دەهاتنە بەر چاو کە هاکا ئێستا نا کەمێکی تر پێوەی دەپێچن بە تەنیشت تەرمە کەوتووەکەدا درێژ دەکێشرێ. لە گەروویدا زمانی چەرخاندوو ویستی شتێ بڵێ بەڵام ترس گەرووی گرت و پێڵووی چاوەکانی لەسەر یەك ناو وەك تەرمەکە گیانی سپارد...

**ژان**

بەگریی ژەنگاوی خەونە لە چاوتاراوەکانیەوە ڕا دیاربوو لە بەزمێك گەوزاوە . بەئاستەم برژانگەکانی دەبزواو پێڵوی چاوەکانی هەڵدەهات . لێوی جوڵاند. ماسیە عەشقنەکان دڕدۆنگی دەریا دەشکێنن و..قسەکەی پێتەواو نەکراو بێدەنگ بوو . لەنێوو تارمایی خەونی کازێوەئاسای بێهۆشی خۆیدا ڕاکشاو وەك بیەوێ پشوویەك بدات کەمێك راچەنی. بەڵام هێزی لەبەر بڕاوو نەیتوانی ژانە سەرەکەی وەك هەمیشە لە منداڵدانی مێشکی دا لەبار بەرێ وبۆدواجار کەونت و هەڵنەسایەوە ..

**بێئاگا**

ئێوارەی ئەو ڕۆژەی کە بەنیاز بوو چەرتەیەك پارە قەرز بکات . لە دەرگا درا . زەردەخەنەیەکی کردوو لە ژێر لێوەوە پرسی کێیە ..؟ خۆمانین دەرگا بکەوە. هەڵوێستەیەکی کرد . دەنگەکەی بەلاوە نامۆنە بوو .. بە جووت نەعلە شڕەکیەوە خۆی گەیاندێ وکە دەتکە کەی ترازاند چەند چەکدارێکی دەمامکاوی دایانە بەر ڕێژنەی گوللە و ئەم ودەرگاکەیان لە خوێن ژەنی و دوا تالی کلاقەی بیرکردنەوەیان پچڕاند....

**کزەباکە**

پێش چەند چرکەیەك لە دەرچونی . قسەکەی دوێ شەوی بیرکەوتەوە کە ئەو پێی وتبوو .ئاگات لە خۆبێت سەرماکەی مەترسی دارە گەر جەستەت بکروژێ . کەوتە ڕێ و هێدی هێدی سەرماکەش لەشی دەرزی ئاژن دەکرد و تادەهات زیاتر لەرزی لێدەنیشت ، بەدەم ڕێکردنەوە هەنگاوەکانی توندترکردو ویستی کەمێك گەرمی بێتەوەو لە گۆچونی هێومر کاتەوە . بەڵام هەڵاوە گەرمەکەشی لێبوونە ئاوەنگی تەم ومژو هێندەی تر کەنەفتی کرد. کەوتە لەتردان ولە بەرخۆیەوە ووتی : دەبێ وابێ . چونکە ژیان وایە جارێك نووچ دەدەیت و جارێکیش راستدەبیتەوە .. راستبونەوە ... نەویی بوون ... راست بـــ وــنــەــوــە و........

**پێڵاو**

دەستێکی دایە پێکە کەو تا دوا دڵۆپ چۆڕاندی. گەرمی لەشی و دووکەڵی ژوورەکە هەراسانی کرد . دەستیکی شەکەتی بە لاشانی خۆیدا بەرز کردەوەو کەمێك پرچە سەری داهێنا . بەرووانینێکی گێلانە وە چاوی بڕیە پەنجە ئەبلەق وەستاوەکانی دەستە چەپی. گەر دونیاش ئاوا بوایە پێکێکی مزری دەهێنا . هێندە گرتبووی ئاگای لە خۆنەبوو. بە ساترمە دان کەوتە ڕێ ووەك بە دووای ئەجیندای دەنگی پێلاوێکی تروکاو کەوتبێ شوێنی خواردنەوەکەی بزرکرد و خۆی دایە دەستی تاریکایەکە .......